سەماحەتی حەکیم جەخت لە گرنگی پارەدارکردنی لاوان دەکات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و بەدی هێنانی گۆشەدانی بەردەوام



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەمیانەی دیداری کۆمیتەی سەرکردەی نووسینگەی ناوەندی ڕووتی حیکمەی نیشتمانی دووپاتی کردەوە کە ئەو ئەرکەی نووسینگەکە لەم ماوە کورتە ئەنجامی داوە گرنگی هەیە و ستایشی کاری مەیدانی نووسینگەکەی کرد بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمەڵگە و بەکارهێنانی شێوازی مۆدێرن لە گەیشتن و پەیوەندیکردن بەلاوان.

لەم ڕووەوە لە گوتەیکدا بەڕێز حەکیم بانگەشەی بۆ سەیرکردنی ڕۆژی توێژی لاوان کرد لە کۆمەڵگای عێراقی و گوتی ئەو چینە چانس و کابەریان لە یەک ساتدا هەیە، بۆیە پێویستە تواناکانیان بقەزینەوە، تا بۆ خزمەتکردنی میللەت کاریگەر و ئەکتیف بن، هەروەها ئاماژەی کرد کە ڕووتی حیکمەی نیشتمانی نموونەیکی نایابی لەم ڕووەوە پێشکەش کردوە، ئەویش بە پشت بەستن بە چینی لاوان لە دەزگا ڕووتییەکان بەتایبەتی لە مەکتەبی سیاسی و تەنفیزیدا، ئەوەش وایکردوە ڕووتەکە زۆر لاوانە دەرکەوێت .

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامی ڕاهێنان و گۆشەپێدان و هاوتابوون لەگەڵ ڕووداو و پێشکەوتنەکان کردەوە بۆ ئەوەی هێزکانی لاوانی ناو بزووتنەوەکە زیاتر بتوانن چارەسەری کاریگەر و داهێنەرانە پێشکەش بکەن، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە خزمەتکردنی خەڵک هێشتا دروشمێکی باڵای بزووتنەوەی ڕووتی حیکمەیە و داوای لە هەموان کرد بە هەموو توانایەکەوە کار بکەن و لە دەرەوەی چوارچێوە بیربکەنەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم خزمەتکردنە.

سەبارەت بەدەخی ئابووری، بەڕێز عەمار حەکیم باسی مەینەتییەکانی عێراقی کرد بۆ تەها پشت بەستن بە نەوت کە تاکە سەرچاوەی باشی داهاتە لە عێراق و گوتی پێویستە کەرتەکانی دیکە ئەکتیف بکرێت وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای نوێ بۆ ئەوەی عیراق چانسی گەورەتری هەبێت لەوە ڕوانین بۆ ئەوەی ئابووری وڵات بەرەو پێش بچێت و گۆشەسەندنی بەردەوامیش دروست بێت.